## فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانی:

# پێشمەرگە میلیشیا نییە



**ئاشکرایە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە دریان بە شەوەزەنگ دەدا و لە دژوارترین و سەخت ترین هەوراز و نشێویدا، هەمیشە گیانیان لەسەر لەپی دەستیان بووە، بۆ خۆبەخت کردن بەردەوام بەرەو پیری مەرگ چوون، لە پاش راپەڕین و بەدەستهێنانی دەستکەوتی مێژوویی و ئەزموونێکی دیموکراسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە وەک شورایەکی پۆلایین وابوون بۆ پارێزگاریکردن لە نەتەوە ستەمدیدەکەیان، لەو پێناوەشدا زۆربەیان گیانی پیرۆزی خۆیان بەخشیووە و بەگژ دڕەندەترین رژێمی دکتاتۆردا چۆتەوە، بە سادەترین چەک بەرەنگاری چەندەها جۆر ئامێر و چەکی پێشکەوتوو تەکنەلۆژیای سەردەمی رژێمی بەعسدا چۆتەوە، دەرئەنجامیش سەرکەوتنی بەدەستهێنا پرۆسەی ئەزموونێکی دیموکراسی خوڵقاند.**

**رۆژانە لە کەناڵە جیاکان و لە لایەن ناحەزانی دژ بە نەتەوەکەمان و بۆ لەکەدارکردنی هێزی پێشمەرگە و ناوبردنی بە میلیشیا، بۆ ئەو مەبەستەی پێشتر ئاماژەمان پێدا و بۆ زیاتر زانیاری لەسەر رەوش و بارودۆخی هێزی پێشمەرگە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پێشمەرگەی تێکۆشەر و ماندوونەناسی هەردوو شۆڕشی (ئەیلول و گولان) کە وەک فەرماندەیەک و پێشمەرگەیەکی قارەمان لە ناو رەوش و رووداوەکاندا ژیاوە و لە خەباتدا پشکی هەبووە لە رۆژگارە دژوارەکاندا.. ئێستاش فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانییە ئەویش رێزدار (کاک مەلا عەلی زمناکۆ)یە بەم چەشنە بۆمان دوا:**

- بەڵگە نەویستە کە خولقاندن و بەرپابوونی شۆڕش هەروا کارێکی ئاسان نییە و بە ئارەزوو دروست نابێت، دەرئەنجامی سەرهەڵدانی شۆڕش و راپەڕین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زوڵم و ستەمە بێ ئەندازەی کە لەلایەن کەسانێکی بیر تەسک و زاڵمەوە رەفتاری نابەجێ و نابەرپرسیارێتی و تەنانەت هەندێجار کوشتن و بڕین و ئازاردانی خەڵکانێکی سڤیل و کەسانی نابەرامبەر و دژ بە بۆچوونی لایەنی پەیوەندار دەبن و هەوڵی سەرکوتکردن و لەناوبردنیان دەدرێت بە شێوازی جۆراوجۆر، کە دەگاتە جینۆساید و لەناوبردن، بۆیە لەوسەروبەندەدا بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕش دەدرێت. بێگومان ئێمەی گەلی کوردیش بە زۆرێک هەوراز و نشێوی سەختی ئاوارەیی و دەربەدەریدا گوزەرمان کردووە و زۆرێک شەهید و بریندار و کەمئەندام و ماڵوێرانی و هتد.. مان چەشتووە و داوە، لەسەر مافی شەرعی خۆمان و زمانی زگماکی دایکمان و زۆرێک کاری نارەوا و نایاسایی و نامرۆڤانەمان دەرهەق کراوە، چەندین جۆر سیاسەتی چەوت و نابەجێمان بەرامبەر کراوە، وەک سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و هتد.. لەم ساڵانەی دواییشدا پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و رەشەکوژی و زۆر شتی دیکە وەک جینۆساید و زۆر شتی دیکە لە دژمان ئەنجام دراوە، تەنها بە تاوانی ئەوەی کە کوردین، یا داوای سادەترین مافی سروشتی خۆمان کردووە، پرۆسەی پاکتاوی نەژادیمان دەرهەق دەکرا، هەڵوێستی سەرجەم حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دژایەتی گەلی کورد بووە.. بۆیەشە لە ئاکامی ئەو جەور و ستەمانە دەرئەنجام شۆڕش و راپەڕینی جەماوەری سەرتاسەری لێدەکەوتەوە دژ بەو دەسەڵاتە پاوانخوازییانە.. هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لەو سەردەمانەدا هەمیشە پێشەنگ و داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری ئەو شۆڕش و راپەڕینانە بووە و ئەنجامدەری چالاکی و جەنگەکان بووە لە پێناو بەرگری کردن لەو جەور و ستەمە و وەک کێوێکی پۆلایین وابووە بۆ بەربەستکردن و شکست پێهێنانی پیلانەکانی دوژمنان، تێکۆشاوە بۆ هێنانەکایەی پرۆسەیەکی ئازاد و دیموکراسی و سەربەخۆیی، بۆ بەدیهێنانی سەرجەم مافە رەواکانی گەلەکەمان تێکۆشاوە و تەنانەت رۆڵە و خوێنێکی زۆریشی پێشکەش کردووە، بە درێژایی مێژووش ئێمەی هێزی پێشمەرگە دوژمنەکانمان شکاندووە وهەر لە زووەوە هێزێکی نیزامی و مونەزەم و پەروەردەکراو و گوشکراو بەهەست و بیری نەتەوەیی و کوردپەروەر بووین و هێزێکی زۆر بە هێز بووین و بەسەدان پلە بەسەر سوپای عێراقەوە بووین، لە رووی سەربازییەوە بە شێوازێکی جوان پەروەردەکرابووین و بەردەوام خاوەنی ورەیەکی بەرز و باوەڕێکی پتەو و باوەڕبەخۆبوون بووین، ئیتلیزامێکی رۆحیمان بە سەرکردایەتی خۆمانەوە هەبووە، ئەوانەش کە ئێمە بە میلیشیا لە قەڵەم دەدەن ئەگەر بە ویژدانەوە بڕواننە رابردووی ئێمە ئەوا بۆیان دەردەکەوێ کە ئێمەی پێشمەرگە نەک میلیشا نین بەڵکو ئێمە لەشکرێکی مونەزەمی بێ وێنەشین، کە هەڵگری پیرۆزترین بیروباوەڕین، لە ژیانماندا شەڕخواز نەبووین و هەمیشە هەڵوێستمان بەرگری کردن بووە لە مافی سروشتی نەتەوەیی خۆمان و باوەڕمان بە پێکەوە ژیانی ئاشتی هەبووە و هەیە، لەگەڵ گشت گەلانی جیهاندا، نەک تەنیا نەتەوەیەک یا چەند نەتەوەیەکی جیاجیا.

**لە بەردەوامی قسەکانیدا بەڕێز مەلا عەلی زمناکۆ ئاماژەی بە نیزامی کردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردوو گوتی:** بێگومان ئەو دەسەڵات و نەتەوانەش کە لە پاش راپەڕین سەردانی کوردستانیان کردووە و ئەم ئەزموونە دیموکراسییەیان بینیوە، ئینجا ئەو راستییەیان لا ئاشکرا دەبێت.

جگە لەوەی داکۆکیمان لە مافەکانی خۆمان کردووە، تێکۆشاوین و هەوڵمانداوە بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراتی بۆ هەموو گەلانی عێراق بەردەوامیش دەبین لەسەر هەمان رێباز.

ئێستا خۆشبەختانە بەرەو یەکگرتنەوە و یەکخستنی سەرجەم هێزی پێشمەرگە دەچین و زۆر کاریشی بۆ کراوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری ئەو یەکگرتنەوەی پێشمەرگەی کوردستان رادەگەیەنرێت کە مژدەیەکی خۆشە و ئاواتی گشت خەڵکی کوردستانە.

جگە لەوانەش وەک وەڵامێک بۆ ئەوانەی پێشمەرگە بە میلیشیا دادەنێن ئەوانە ناحەزانی گەلەکەمانن و زۆر بەبێ ویژدانانە ئەو قسانە دەکەن خۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق نووری مالیکی لەم رۆژانەدا قسەی بۆ میدیاکان و راگەیاندنەکان دەکرد لەو نێوەندەشدا باسی لە پێشمەرگە دەکردوو رایگەیاند کە پێشمەرگە هێزی میلیشیا نییە و هێزێکی نیزامییە.

**ئا: زانیار قرگەیی- سلێمانی**



أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٥ / ٢/٦/٠٨ / 2:09 AM

# بنکەی هێلینا بۆ منداڵە کەمئەندامەکان پێویستییان به بنکەیەکی پێشکەوتوو هەیە



**بنکەی هێلینا بۆ منداڵە کەمئەندامەکان لە ساڵی (١٩٩٢) لە لایەن خانمێکی سوید بە ناوی هێلینا خۆی و بە هاوکاری لەگەڵ فەرمانگەی تەندروستی هەولێر دامەزراوە، ئەو بنکەیە ساڵانێکی زۆرە بەبێ بەرامبەر خزمەت بە سەرجەم منداڵانی کوردستان دەکات، بۆیە جێی ستایش کردنە، لە سەردانێکمان بۆ ئەوێ د. دلێر سابیر مەخمووری بەڕێوەبەری بنکەی هێلینا بۆ منداڵە کەمئەندامەکان گوتی:**

**راپۆرت: محەمەد سەعید کوردە**
**وێنە: فازڵ فەرامۆش**

بنکەکەمان لە چەند بەشێک پێکهاتووە کە هەر بەشێک لەوانە جۆرە خزمەتێک بە منداڵان دەکات لەوانە بەشی چارەسەرکردنی سروشتی و بەشی وۆرک شۆپ کە وەرشەی دروستکردنی پەلی دەستکردی پێدەڵێن، هەروەها لە بنکەکەماندا بەشێکی دیکەمان هەیە بۆ ئەو منداڵانەی کە گەشەیان لە سەرخۆیە و لە بەشەکەدا هۆرمۆنی گەشەیان پێدەدرێت، گرنگترین بەشی بنکەکەمان بۆ ئەو منداڵانەیە کە بەزگماک دڵیان کونە یان نەخۆشی دیکەیان هەیە، هەروەها بەشی قورگ و لووت و گوێ و ئەو منداڵانەشمان هەیە کە لێویان شەق بووە، یان ئەوانەی توانای قسەکردنیان نییە.

هەر لە بنکەکەدا چەند بەشێکی گرنگی دیکەمان هەیەوە فێرکردنی کەڕولاڵان و بەشی دەروونی و بەشی ئیکۆ و تیشک و ئەوانەی ئیفلیجی مێشکیان هەیە.

### منداڵی دڵ کون

لە بارەی رەوانەکردنی ئەو منداڵانەی کە بە زگماک دڵیان کونە د. دلێر گوتی: لە رێگای بنکەکەمانەوە تا ئێستا لە کوردستان نزیکەی (٣٠٠) منداڵ لە ئیتاڵیا نەشتەرگەری دڵی بۆ کراوە و بە سەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە کوردستان، دیارە رۆژانەش ئەو منداڵە دڵ کونانە سەردانمان دەکەن بۆ ئەوەی ناویان لە لای ئێمە تۆمار بکەین.

لە بارەی چۆنیەتی نۆڕینی ئەو منداڵانەش لێرە دکتۆرە ئیمان هەیە کە خەڵکی شاری کەرکووکە و هەفتەی رۆژێک دەوام دەکات و خۆشی نوێنەری ئیتاڵییەکانە بە پێی ئەوەی خولی لەوێ تەواوکردووە، دکتۆرە ئیمان سەیری حاڵەتی نەخۆشییەکان دەکات ئەگەر پێویستی بە نەشتەرگەری هەبێت ئەوا لە رێگا ئەنتەرنێتەوە ئیتاڵیا ئاگاداردەکاتەوە، ئەو کارەش لەسەر ئەرکی رێکخراوی هێڤییە کە لقی لە شارەکانی دیکەش هەیە.

### نەشتەرگەری دڵ کونی لە هەولێر

حەز دەکەم پێتان رابگەیەنم دوا وەجبەی منداڵە دڵ کوونەکانمان کە ژمارەیان (١٢) نەخۆش بوو، لێرە لە هەولێر نەشتەرگەری قەستەر و دڵیان بۆ ئەنجامدراو کارەکەشیان سەرکەوتنی تەواوی بەدەستهێنا.

### رەوانەکردنی منداڵی لێوشەق

دکتۆر دلێر لە بارەی کاروچالاکییەکانی دیکەیان گوتی: ئێمە جگە لەوە پتر لە (١٠٠) منداڵی لێو شەقمان رەوانەی وڵاتی ئوردن کردووە بۆ ئەوەی نەشتەرگەری جوانکاری بۆ ئەنجام بدرێت، ئەو کارەش لەسەر ئەرکی رێکخراوی ئۆپەرێشن سمایلی ئەمریکییەوە بووە، بە واتای گەڕانەوەی بزەوخەندە بۆ منداڵان.

### دابەشکردنی کورسی و دارشەق و رەوڕەوە

بەڕێوەبەری بنکەی هێلینا زیاتر گوتی: ئێمە رۆژانە کورسی و دارشەق و رەوڕەوە بەسەر منداڵە کەمئەندامەکان دابەشدەکەین، جگە لەوەی مانگانە نزیکەی (٢) هەزار منداڵ لە هەولێر سەردانمان دەکەن، جگە لە شارەکانی دیکە بۆ ئەوەی ناوی خۆیان لەلای ئێمە تۆمار بکەن و چارەسەری حاڵەتەکانیان بکرێ.



خاتوو هێلینا بە جلی کوردی لەگەڵ منداڵە کەمئەندامەکان



أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٥٦ / ٣/٦/٠٨ / 2:09 AM



## ئێستای هێلینا

**دکتۆر دلێر گوتی:** ئێستا زروفی ڕێکخراوی هێلینا گۆڕاوە و پارەیان وەک جاران نەماوە و ئێستا حکومەتی هەرێم و پارێزگاری هەولێر زیاتر هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی ئیشوکاری بنکەکەمان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوەبچێت.

**لە کۆتاییدا**

**لە کۆتاییدا د. دلێر گوتی:** ئەو بنکەیە زۆر کۆنە و بەشی هەموو منداڵانی کوردستان ناکات، بۆیە داواکارین بنکەیەکی پێشکەوتوو بۆ کەمئەندامان لە هەولێری پایتەخت بکرێتەوە، چونکە ئێمە کاتێ نەخۆشێک ڕەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی دەکەین بۆ نەشتەرگەری ئەوا سرەی ساڵێکی بۆ دادەنێن، خۆ ئەگەر ئێمە بنکەیەکی فراوانمان هەبێت و ئەو جۆرە نەشتەرگەرییانەی تێدا ئەنجام بدەین ئەوا ئەو گرفتەمان نامێنێت.



# چەند چاکسازییەک لەمەڕ گرێبەستە ئەندازیارییەکان و میکانیزمی چاودێریکردنی پڕۆژەکان

## بەشی یەکەم



ئەردەشێر بارزانی

ماوەیەکە هەرێمی کوردستان بە گشتی و پایتەختی هەرێم بە تایبەتی بۆتە شانۆی بزاڤێکی گەورەی ئاوەدانکردنەوە، ڕەوڕەوەی بنیاتنان بە خێرایی و بەبێ وەستان کەوتۆتە ڕێ و بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەم بزاڤە بە ئەندازەیەکی ڕێک و لە شێوازی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بەڕێوەبچێت، پێویستە حکومەتی هەرێم چەند هەنگاوێکی گرنگ جێبەجێ بکات، کە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی باسیان لێوەبکەم، سەرجەم ئەم ئەرکانە پەیوەستن بە ئامادەکردنی کۆمەڵە ڕێنمایی و ڕێنوێنییەک بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی پڕۆژەکان دوور لە کەموکوڕی و گیروگرفت.

بەم مەبەستە پێویستە لە سەرەتاوە دەستپێبکەین و پرۆگرامێکی پوختی بۆ دابنێین، ئەمەش لە ڕێگای ئامادەکردنی لیژنەی خاوەن ئەزموون و پسپۆر لە سەرجەم بوارەکاندا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی کارەکان، ئەنجامدانی ئەم کارەش گرنگییەکی زۆری هەیە لە زامنکردنی سەرکەوتنی پڕۆژە کە دەبێتە مایەی سوودوەرگرتن لە وەبەرهێنانەکان.

بەخشینی گرێبەستی پڕۆژەیەک کارێکی ئاوا سووک و سانا نییە، دانانی ڕێنمایی پێویست و مەرجی تۆکمە لەسەر پرۆسەی جێبەجێکردن ئاکامێکی باشی لێدەکەوێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری گرێبەستەکان لایەنی تۆمارکاری و یاداشتکردن و بابەتی نووسراویان تێیدا نییە و هەندێک جار بە پەیمانی سەرزارەکی و بە یەک دوو قسە دەسپێردرێت و دواتر بە بێ بەدواداچوونەوە و سەرپەرشتیاری ئەو دەست و ئەو دەستی پێدەکرێت و چەند جارێک دەفرۆشرێتەوە کە ئەمەش هەموو لە ئاکامی خراپ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان ڕەنگدەداتەوە.

بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی پڕۆژەکان و جێبەجێ کردنیان بە باشترین شێواز پێویستە حکومەتی هەرێم چەند خاڵێک دەستنیشان بکات و بە شێوازێکی سەرەکی بیکاتە مەرجی پەیوەست بە گرێبەست و بەردی بناغە لە پرۆسەی بەخشینی گرێبەستەکان.

**١- قۆناغی دارشتنی چەمکەکان.**

أ- شرۆڤەکردنی کار.

ب- شرۆڤەکردنی مەترسییەکان.

ت- خەملاندنی تێچوونەکان.

ث- خشتەی دابەشکردنی کارەکان.

**٢-قۆناغی پێناسەکردنی گرێبەست.**

أ- پلان یاخود ستراتیژییەتی بەدەستهێنان.

ب- مەرجە داواکراوەکان (خشتەی کاتی گرێبەست (A-M)Specification and Sta- temnt of Work tract COn-Schedule تایبەتمەندییەکان و بڕیار نامەی کار ((sow)).

ت - لیستی زانیارییە داواکراوەکانی گرێبەست (CDRL) Contract Data Re- quirement List .

پ - پێشنیازنامەی تەکنیکی داواکراو / پێشنیازی خەملاندن.

ج- داواکردنی بەستەی پێشنیازنامەکان (RFP)Request for Proposal.

ح- ئامادەکرنی ڕەشنووسی داواکاری پێشنیازنامەکان بۆ پیشەسازی (DRFP) Draft Requestfor Proposal بە مەبەستی سەیرکردن و تێڕامان.

خ- پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندن / هەڵسەنگاندنی پڕۆژە پێشنیازکراوەکان.

د- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی پێشنیازنامەکان.

ژ- دەستەی لیژنەی هەڵبژاردنی سەرچاوەکان (SSAC)Source Selection Authority Committee و ئامادەکردنی ڕێنمایی پێویست سەبارەت بە پرۆسەی بەخشینی گرێبەست.

ر- ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەگەڵ ئامادەکردنی گرێبەست.



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٧ / ٣/٦/٠٨ / 2:09 AM

# پۆستەبەرانی کوردستان چیان لە هەگبەدایە؟



کۆمەڵەی پۆستەبەرانی کوردستان لەو ماوەیەی رابردوودا، چەندین چالاکی ئەنجامداوە لەوانە کۆمەڵەکە بە مەبەستی دوورخستنەوەی ئەندامان و پاراستنی ژینگەی کوردستان، کۆڕێکی بۆ (د. فەیسەڵ عارەب بلباس) سەرۆکی کۆمەڵەی نەهێشتنی جگەرەکێشان بەست و بەڕێزیان بە دوورو درێژی و بەشێوەیەکی زانستییانە باسیان لە زەرەرو زیانەکانی جگەرە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ کرد، پاشان چۆنییەتی دووركەوتنەوەی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە.
لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵەی پۆستەبەران کۆڕێکی دیکەی لە ژێر ناونیشانی (هەستی نەتەوایەتی) بۆ (ئەنوەر ئیبراهیم ) بەست و تیایدا کۆڕگێڕ بە دوورو درێژی باسی لە چۆنییەتی دروستبوونی شارستانی و هەستی نەتەوایەتی کرد.
ئەو کۆمەڵەیە هەروەک خەسرەو زەنگەنە سەرۆکی کۆمەڵەکە ئاماژەی بۆ دەکات کە ئەمان پتر لە چوار ساڵە بۆ داکۆکیکردن لە مافی سەرجەم پۆستەبەرانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون و لە پێناو هۆشیارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکەیان بەشدارییان لەسەرجەم بۆنە نیشتیمانی و ئایینییەکان کردووە، هەروەها ژمارەیەک چالاکی جۆراوجۆریان لە بواری رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و ئایینی و کۆمەڵایەتی لە بارەگای کۆمەڵەکەیان ئەنجامداوەو دواچالاکیشیان هۆشیارکردنەوەی پۆستەبەران بووە لە هۆکارە ئیجابی و سەلبییەکانی وشکەساڵی ئەمساڵ، سەرۆکی کۆمەڵەکە ئەوەشی گوت: کە ئەوان لە رێگای بڵاوکراوەی مانگانەی پۆستەبەرانەوە سەرجەم چالاکییەکانی خۆیان پەخش دەکەن.

**ئا: رزگار سلێمان**

## کوڕەکەم لە مردن رزگار بکەن

من دایکی نەخۆش محەمەد غازی لە دایک بووی ١٩٨٢، بەهۆی نەخۆشییەکی سەخت هەردوو گوێچکەکانی لە دەستداوە کاری لەسەر قسەکردنیشی کردووە لە قوتابخانە دەرکراوە زۆر خەم دەخوات لەبەر ئەوەی برادەرەکانی لە خوێندن بەردەوامن، بەپێی راپۆرتی پزیشکی چارەسەری دەکرێت لە دەرەوەی وڵات نەشتەرگەرییەکەی (٣) دەفتەر دۆلاری دەوێ لە توانامان نییە لەبەر کەم دەرامەتی جا داواکارم لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە هانامان بێت و داوا لە هەموو خێرخوازێک دەکەم لەبەر ئەوەی کوڕێکی زۆر بەتواناو زیرەکە لە هەموو حەزو ئارەزووەکی بێبەشە، چونکە ئەوەی دکتۆر دەڵێ بەم نەشتەرگەرییە چارەی هەیە زۆر جار لێم توڕە دەبێ دەڵێ بۆ چارەسەرم ناکەن، حەزدەکا بە ئاواتەکانی بگات.

**دایکی نەخۆش: ژیان دزەیی**

## هاوکاریی حکومەتی عێراق بۆ رۆشنبیران بەرەو کوێ؟

**غازی شەنگە هەریری**

ماوەیەکە باس لەوە دەکەن کەوا حکومەتی مەرکەزی بڕە یارمەتییەکی دارایی باش دەکاتە پاداشت بۆ چینی رۆشنبیرو هونەرمەندان. هەرچەندە کەی و چۆنییەتی بڕیارەکەو بڕە داراییەکە دیاری نەکراوە، بەڵام هەواڵێکی دڵخۆشکەربوو بۆ رۆشنبیران و هونەرمەندانی عێراق بگرە بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ئەگەر ئەم بڕیارە چووە واری جێبەجێکردنەوە ئایا رۆشنبیرو هونەرمەندانی هەرێمی کوردستانیش تاچەند سوودمەنددەبن؟ بەڕای من! رەنگە بەڕای زۆربەی رۆشنبیرانیش ئەم بڕیارە هەر ئەوە نەبێت وەکو بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی دوو مووچەی هەبێت سوودمەند نەبێت، هەر بۆیە پێویستە لەسەر هەموو رۆشنبیرانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە فشار بخەنە سەر حکومەتی مەرکەزی کە بڕیارەکە تایبەت نەبێت بۆ ئەو کەسانەی کەبێ مووچەن، چونکە ئێمەی رۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆمان نەکردووە لەگەڵ رۆشنبیرانی عێراق، ئەوەتا زۆربەیان ئەندامن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بگرە موچەی رێزلێنانیشیان هەیە. گەر هاتوو بڕیارەکە وەکو ئەو بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێکرا ئەوا دووبارە رۆشنبیرانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبن، چونکە هەندێکیان لەم بێ سەروبەری دام و دەزگاو دەسەڵاتی حکومەتی عێراق ئامادەن (تعهد) بەڵێنامە بدەن کەوا دوو موچەیان نییە. لەبارودۆخی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و نالەباری لە داهاتی کەسی وای لە هەموو تاکێک کردووە کە بەداهاتی مووچەیەک ژیان بەسەختی ببەنەسەر. نەدەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی رۆشنبیرو هونەرمەندانی ببڕیبایە، چونکە زۆربەی رۆشنبیران بەتایبەتی رۆژنامەنووسان بەدەسەڵاتی چوارەم ناسراون، بەڵکو لە جیاتی ئەوە پاکسازییەکی بکردایە، چۆن دەبێت کەسێک بەدوو گۆرانی یاخود بە بەشداری لە کۆرس یاخود بەچەند مەتەڵێک لە کاتی خۆی بڵاویکردۆتەوە مووچەیەکی ئەوتۆی بۆ ببڕێتەوە کە ئەسڵەن خزمەتەکەی شایانی ئەو موچەیەنییە، چۆن دەبێ هەڵسەنگاندنێک نەکرێت لە نێوان ئەو کەسەی کەبە (تصادف) لەکاتی خۆی دوو بابەتی هەبووە لەگەڵ ئەو کەسەی کە بەدرێژایی تەمەنی ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ رێبازی رۆشنبیری و هونەری، دەکرایە لە جیاتی بڕینی موچەکە پاکسازییەکیان بکردایە...



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٨ / ٢/٦/٠٨ / 2:09 AM



# ئەنجومەنی تەنفیزی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و هەڵوێستەیەک

**مەغدید حاجی**

لای هەموو لایەکمان ئاشکرایە کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رێکخراوێکی پیشەیی جەماوەریی مامۆستایانی کوردستانە. ئەم رێکخراوە لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٢ دامەزراوە، هەر لەسەرەتاوە مامۆستایانی کوردستان جگە لە ئەنجامدانی ئەرکی پەروەردەیی سەرشانیان دریغییان نەکردووە لە راپەڕاندنی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی، هەر بۆیە ئەو مامۆستایانەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیان دامەزراندووە، کەسانی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەربوون و سەر بە لایەنێکی سیاسی کوردستانی بوون و لە مێژووی ئەم رێکخراوەشدا بە سەدان شەهیدی مامۆستای پێشکەش بە شۆڕشەکانی گەلی کوردستان کردووە، کە یەکەمین شەهید مامۆستا حەسیبە و ئێستا هۆڵی بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتی رێکخراوەکەی بەناوکراوە، دەفتەری سەروەری مامۆستایانی شەهید گەورەترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەن.

هەروەها یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تاکو ئێستا دە کۆنگرە و کۆنفرانسی گرێداوە و نۆیەمین کۆنگرە بە یەکگرتوویی لە ٦-١٠-١٩٩٢ ئەنجامدرا و لەو ساوە تاکو ئێستا ئەم رێکخراوە هەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجام نەداوە و لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزی لە ٨-٥-٢٠٠٨ بڕیار دراوە لە ماوەی ساڵی ئایندە هەوڵ بدرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی و گرێدانی کۆنگرەی ئایندە، کە پێویست بوو چەند ساڵ بەر لە ئێستا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و ئێستاکەیش وا پێویست دەکات لێژنەیەکی باڵا پێکبێت بۆ ئامادەباشی بۆ هەڵبژاردنی ئایندە و گونجاوترین کاتیش کۆتایی مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٨ بێت کە دەکا سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن، تاکو هەموو مامۆستایانی کوردستان راستەوخۆ بەشداربن لە هەڵبژاردنی نوێنەرە راستەقینەکانیان و هەوڵیش بدرێت رێکخراوەکە بەرەو سەربەخۆیی بچێت، وەکو رێکخراوێکی پیشەیی دیموکراتی، نەک وەکو ئێستاکەی کە زیاتر نوێنەرایەتی لیستی حزبەکان دەکات و ١٦ ساڵی تەواوە مامۆستایانی کوردستان دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە بە شێوەیەکی سەرتاسەری و راستەوخۆ نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن.

بەڵام سەرەڕای ئەم سەرنجەی سەرەوەمان ئەم رێکخراوە بەردەوام داکۆکی لە مافە پیشەییەکانی مامۆستایان و پەروەردە کردووە، دوا بەڵگەشم ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزی رێکخراوەکەیە کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی تاوتوێ کرد و هەوڵ دەدات و پێشنیاز دەخاتەڕوو بۆ جێبەجێکردنیان:

١- کارکردن و هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی زمانی ستاندەر.

٢- دابەشکردنی پارچەزەوی بەسەرمامۆستایان.

٣- زیادکردنی کرێی وانەبێژی (موحازەرات) بۆ مامۆستایان.

٤-نەبڕینی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان.

٥- پاراستنی مافی مامۆستا لەوەی دەستدرێژی نەکرێتەسەر.

٦- داوا لە وەزارەتی پەروەردە بکرێت نوێنەرانی (ی.م.ک) بەشداربن لە لێژنەکان و بڕیارەکانی وەزارەت.

٧- رەخنە لە هەندێ سیستەم و بڕیاری وەزارەتی پەروەردە گیراوە وەکو داخلکردنی هەموو قوتابییانی سێیەمی ناوەندی، قوتابی دوای ٥١ رۆژ غیاب ئینجا دەربکرێت، قوتابی کەوتوو لە وانەیەک دەربچوێنرێت.. هتد، بۆ وەرگرتنی ئەم بڕیارانە دەبوایە وەزارەت رەئی مامۆستایان و یەکێتی مامۆستایانی بە فراوانی وەربگرتایە.

٨- سلفەی ژنهێنان بۆ مامۆستایان زیادبکرێت.

٩- یارمەتیدانی ئەو مامۆستایانەی کە نەخۆش دەکەون و نەخۆشییەکەیان لە هەرێم چارەسەر ناکرێت بنێردرێن بۆ دەرەوە، لەم بارەیەوە بە یەک چاو سەیری هەموو مامۆستایان بکرێت.

١٠- ئەو خولە پەروەردەییانەی بۆ مامۆستایان دەکرێنەوە ماوەی هەر یەکێکیان لە مانگێک کەمتر نەبێ تاکو مامۆستا بە تەواوی سوود وەربگرێت.

١١- ئەو شاندانەی دەچن بۆ دەرەوە کۆنترۆڵ نەکرێن بۆ چەند کەسێکی باڵادەست لەسەر بنچینەی تایبەتی.. ئەم خاڵانە و خاڵی دیکەش خرانەڕوو گفتوگۆیان دەربارەکراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لیژنەکانی مەکتەبی سکرتاریەت بەدواداچوونیان هەبێ بۆ جێبەجێکردنیان.

## سەرشەقام

### مۆبایلی نۆکیا باشترین جۆریانە و کڕیاری زۆری هەیە



سەرکەوت حیکمەت فەتاح کە ناسراوە بە حاجی سەرۆکوخ ماوەیەکی زۆرە خەریکی مۆبایل فرۆشتنە و بەڕێزیان دەربارەی جۆرەکانی مۆبایل گوتی: جۆرەکانی مۆبایل هێندە زۆرن لەژمار نایەن، بەڵام جۆری نۆکیا سەرەکیترین جۆری مۆبایلە و کڕیاری زۆری هەیە.

هەروەها گوتی: هەموو ئەو مۆبایلانە لە دوبەی و چین و فیللەندەوە دێن، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکی بە دوای مۆبایلی هەرزان دەگەڕێ ئەوانەی نرخەکانیان لە نێوان (٣٠ تا ٤٠) دۆلار دایە، هەر بۆیە ئێمە رۆژانە (٨ تا ١٠) مۆبایل دەفرۆشین.

**لە بارەی جوانی ژمارەوەش گوتی:** خەڵکی بە گشتی حەز بە ژمارەی جوان دەکەن، حاجی سەرکەوت لە دوماهیدا گوتی: مۆبایل ئامێرێکی پێشکەوتوو و گرنگە و کارئاسانی بۆ هەموو خەڵکی دەکات، بەڵام بە داخەوە زۆرێک بە شێوەیەکی خراپ بەکاری دەهێنن، بۆیە من ئامۆژگارییان دەکەم واز لەم کارە بهێنن، هەروەها داواکارم دیاردەی کارت فرۆشتن لەسەر عارەبانە و سەرجادەکان نەمێنێ، دواجاریش ئێمە وەک مۆبایلی سارا زۆر هاوکاری هەژار و کەمئەندام و کوڕەشەهید دەکەین مۆبایل و کارتییان بە نرخی داشکاو پێی دەفرۆشین، هەروەها من بڕوام بە قازانجی کەم هەیە و لە هەولێر تەنها من کارتی (٥) دۆلاری بە (٦) هەزار دینار و (١٠) دۆلاری بە (١٢) هەزار دینار دەفرۆشم.

**ئا: وێنە: سەرهەنگ نەجمەدین**



أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٥٩ / ٣/٦/٠٨ / 2:09 AM



## عوسمان حاجی فەتاح
## ئەندامی ژووری بازرگانی سلێمانی:

# گرنگیدان بە تاقیگە و کۆنترۆڵی جۆریی تاکە ڕێگاگرتنە لە هێنانی کەلوپەلی ئێکسپایەر بۆ کوردستان

**کەرتی بازرگانی بۆچی تاکو ئێستا ڕێکنەخراوە؟ ئایا کەموکوڕییەکانی ئەم بوارە چییە کەوایکردووە بێ سەرووبەری و پشێوییەک بە بواری بازرگانی و بازاڕەکانی کوردستانەوە هەبێت، یاخود ئەو هەنگاوانە چین تاوەکو کاربەدەستان و بڕیاردەرانی بواری کەرتی بازرگانی پەیڕەوی بکەن؟ بۆ دەربازبوون لە گەفرت و کێشەی هەڵاوسانی نرخ و کەرتی بازرگانی.. بەڕێز عوسمان حاجی فەتاح/ ئەندامی ژووری بازرگانی سلێمانی لە دیمانەیەکدا تیشکی خستەسەر گرنگترین گرفتەکان و ئەو هەنگاوانەی کە پێویست هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پلاندانان بیگێڕن و بیگرنەبەر، تاوەکو لەم کێشەیە دەربازبین.**

**ئا/ زانیار سەردار قڕگەیی**

*** گۆڕانکاری کەرتی بازرگانی چییە؟ ئایا توانراوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە شێوازی بەڕێوەچوونی بازرگانی پێشبخرێت؟**

– لە راستیدا گۆڕانکاری بەرچاو نییە کە بەدەی بکرێت، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی بازرگانان لە ڕێگەی کەرتی تایبەت بەڕێوە دەچێت، بە هۆی پەیوەندییەکانیانەوە ئەنجامیان داوە، چونکە ئەو بازرگانانە زۆریان تێدایە، کە لێهاتوون و خۆیان خۆیان دروستکردووە.

لە راستیدا حکومەت وەکو خۆی تا ئێستا هیچ پێشنیازێکی ئەوتۆی نەداوە، تەنانەت وەڵامی پێشنیازەکانیشیان وەک خۆی نەداوەتەوە، وەکو دابینکردنی پێداویستییەکانیان تەنیا شتێک کە لایەنی پەیوەندار بە حکومەتیشەوە ئەنجامی دابێت یاسای سەرمایەگوزارییە ئەویش هەندێک کەموکورتی تێدایە.

دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کردنەوەی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی دەستکەوتێکی گەورەیە و ڕۆڵی هەیە لە پێشخستنی کەرتی بازرگانی و بازرگانەکان، بەڵام بە داخەوە ئەو وڵاتانەی کە شتی باش و پێشکەوتوویان هەیە ڤیزەیان کارێکی ئاسان نییە و گرانە...

*** بازرگانی ناوخۆ لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆچی لاوازە؟ بەڕێزت وەک بازرگانێک و لە هەمانکاتدا ئەندامی ئەنجومەنی ژووری بازرگانی سلێمانی ئەم هۆکاری لاوازییە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

–بە بڕوای من بۆ چەند خاڵێکی دەگێڕمەوە کە ئەمانەن:

١– بوونی هەندێک کۆمپانیای گەورە کە لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە لە هەموو بوارەکانەوە، ئەم کۆمپانیایانە لقیان کردۆتەوە لە شارەکان بە تایبەتی کە کوردستان مەجالێکی ئەوتۆیان نەهێشتۆتەوە بۆ بازرگانە بچووکەکان کە ئاڵوگۆڕی کاری بازرگانی بکەن.

٢– نەبوونی هۆشیاری و کەم متمانەیی بازرگانە بچووکەکان بۆ یەکسختنی سەرمایەکانیان و کارکردنیان وەک کۆمپانیای هاوبەش.

٣– گرانی سووتەمەنی لە نێوان شارەکاندا کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئەو بوارە بە تایبەت بۆ گواستنەوەی کەلووپەلەکان.

*** ڕۆڵی حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانی و پلاندانان چییە بۆ ئاراستەکردنی کەرتی بازرگانی؟**

–وەزارەتی بازرگانی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان دەتوانێت بە هەماهەنگی بازرگانی دەرەکی بەرەو پێش بەرێت، ئەویش بە پەیوەندیکردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەکو وەزارەتی پیشەسازی، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی دارایی و، وەزارەتی وزە، ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت وەک ژووری بارزگانی و، ژووری یەکێتی پیشەسازییەکان و بەڵێندەران و ئابووریناسان کە هەماهەنگییەکی تەواو هەبێت لە نێوانیاندا، ئەویش بۆ دانانی پلانی گونجاو بۆ بەرەوپێشخستنی بازرگانی دەرەکی بۆ نموونە، وەزارەتی کشتوکاڵ هەستێت بە هۆشیارکردنەوەی جوتیاران بە تواناکردنەوەی بانکی کشتوکاڵ، وەزارەتی پیشەسازی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی کەرتی تایبەت و پیشەسازییەکان بۆ کردنەوەی بانکی پیشەسازیی، هاوکات لێخۆشبوونی رسوماتی گومرکی لە کاتی ناردنە دەرەوەی کاڵاکانیان و بەرهەمەکانیان ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ بەرەو پێشبردنی کەرتی بازرگانی دەرەکی.

*** ئەی پەیوەندی حکومەت و ژووری بازرگانی چۆنە؟**

–پەیوەندی نێوان حکومەت و ژووری بازرگانی مام ناوەندییە و پێویستی بە زیاتر توندوتۆڵ کردن هەیە.

ئەویش بەشداریکردنی نوێنەری ژووری بازرگانی لە بڕیار و یاسا و ئەو ڕێنماییانەی کە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار دەریدەکات کە تایبەتمەندی هەیە بە کەرتی تایبەتەوە. کارکردن بە پێشنیاز و داخوازییەکانی ژووری بازرگانی کە بەرزیدەکاتەوە بۆ بەردەست حکومەت و لێپرسراوان، چونکە ژووری بازرگانی هەمیشە لەکاردایە بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەت.

*** چی بکرێت تا ڕێگە لە کەلووپەلی بازرگانی ئێکسپایەر بگیرێت، کە ئێستا بازاڕەکانی کوردستان نغرۆی بووە؟ ئایا ئێوە چ هەڵوێستێکتان دەبێت لەو حاڵەتەدا؟**

–سەبارەت بە کەلووپەلی بازرگانی کە دێنە ناو کوردستانەوە، یان لە ڕێگەی سلێمانی، یان خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل یان بنکەوخاڵە سنوورییەکانی دیکە، هەمووی سەرپەرشتی تەندروستیان بۆ دەکرێت، دواتر ڕێگەیان پێ دەدرێت بێنە ناوەوەی خاکی هەرێم، بەڕاستی سەرپەرشتیاری تەندروستی سلێمانی ڕۆڵی دیاریان هەیە لەم بوارەدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەلوپەلی بازرگانی لە شارەکانی دیکەی عێراقدا دێنە ناوەوە کە بە پێی ڕێنمایی تەندروستی و پێوەرەکانی کۆنترۆڵی جۆری نین.

گرنگیدان بە تاقیگە و کۆنترۆڵەکانی جۆری، تاکە ڕێگایە لە کەمکردنەوەی کەلووپەلی ئێکسپایەر، ژووری بازرگانیش لە ڕێگای هۆشیارکردنەوەی ئەندامەکانی هەوڵی ئەوەیان داوە و داواشیان کردووە و لێکراوە کە دەبێت کەلووپەلی باش و بەبەها بهێننە کوردستانەوە.



أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٦٠ / ٣/٦/٠٨ / 2:09 AM

# شێوازێکی بێ کۆنترۆڵ

بێگومان کەناڵە ئاسمانییەکان زووتر دەگەنە لای بینەران و لە هەموو لایەکەوە دەبینرێ، بەڵام ئەم بەرنامانە پێویستە لەلایەن دەزگا یا کەناڵەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن و لە هەڵەو کەم و کورپییەکانیان راستکرابانەوەو بزانرێ ئامانجی ئەم بەرنامانە چین و چ سوودێک بەبینەرانی کورد دەگەیەنێت و پێویستە هەر بۆ کات بەسەربردن نەبن.

ئەوەی من دەمەوێ لێیان بدوێم و باری سەرنجی خۆیان بۆ بخەمەڕوو، قسەیە دەربارەی چەند بەرنامەیەک یەک دوو کەناڵی ئاسمانی خۆمان لەوانە بۆ نموونە بەرنامەی (شێوازێکی نوێ) کەلە سەتەلایتی زاگرۆس tv پەخش دەکرێت بێگومان ئەما بەرنامەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەستی رەحمەتیان دەگاتێ خۆشەو لە هەمانکاتیش رێلامێکە بۆ ئەم کۆمپانیایانەی کە کەلوپەلی ماڵەوە وەک مۆبیلیات و رایەخ و پەردەو بگرە سەرتاش و ساڵۆن ئافرەتانیش تەنانەت پۆشاکفرۆش و سوپەر مارکێتەکانیش کە گەنجەکانی کورد حەزی کڕینی ماڵ پێکەوەنانیان هەیە و... حەز دەکەن ببن بە خاوەنی ماڵی خۆیان..

ئینجا با بێینە سەر بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) کە لەسەتەلایتی کوردستان لەلایەن خاتوو (دەشنێ) پێشکەش دەکرێت.. هەمدیس گەنجان بۆ بەهەشتی وڵاتانی دەرەوە سەرنجیان رادەکێشێ، بەم شێوەیە سەرمایەدارییە بە خەڵکانمان ببینن کە لەدەرەوە بەخۆشی دەژین و.. سوقیان دەکاتەوە و وا لە گەنجانمان دەکات هەڵپەی رۆیشتن بن بۆ هەندەران و وڵات جێبهێڵن.. لە راستیشدا ئەم بەرنامەیە تەنها چەند پرسیارو وەڵامێکی سادەو ساکارن و هیچ فێربوون و سوودێکی بۆ گەنجانمان نییە.

ئینجا بەرنامەیەکی دیکەش لە زاگرۆس tv واتا سەتەلایەتی زاگرۆس بەناوی (کافی)ەوە پەخشدەکرێت بەڕای من لە بەرنامەکەدا چەند هەواڵێکی سادە کەلە ئینتەرنێت وەردەگیرێت پەخشدەکرێت و جارێکیش پێشکەشکاری بەنارمەکە هەڵەیەکی کردو گوتی: هەموو دەزانین کە (ستۆکهۆڵم) پایتەختی ئەڵمانیایە!! ئینجا لە ستافەکەی دەپرسین ئاخۆ لە بەرنامەیە دا دەتانەوێ چیمان فێربکەن لەکاتێکدا خۆتان هەڵە دەکەن!!

بۆ ئێمەی گەنجانی کورد دەبێ هەگبەی ئەم بەرنامەو زۆربەی بەرنامە تەرفیهییەکانی دیکە چیان هەڵگرتبێ مەگەر بۆ پڕکردنەوەی کاتی سەتەلایت نەبن!!

بێگومان ئەمەش و دەزگاکانی سەتەلایت لێی بەرپرسیارن ئاخۆ ئەم زۆری و بۆرییەی بەرنامەکان بۆ چییەو مەبەست بۆ بینەر چییەو چ ئامانجێکی پەروەردەیی و راگەیاندن دەگەیەنێت! خۆزگە سەتەلایتەکانمان دەیانتوانی لەڕووی دەروونییەوە ئاگایەکیان لە بینەران بێت.. هەندێکجار بۆنەی وا هەیە بینەر پێویستی بە هەواڵی نوێ هەیە کەچی سەتەلایتەکانمان خەریکی شایی و هەڵپەڕکێن وەک ئەوەی بۆ دنیای نیشاندەن کە کورد هەمیشە خەریکی شایی و هەڵپەڕینەو هیچ کێشەیەکی نییە، ئێمەش مەگەر لە سەتەلایتەکانی بێگانە هەواڵێکی نوێی خۆمان ببیسین یان سەتەلایەتەکانمان لەوان بگوازنەوە!

**هێژا سەعید ناکام**

## چاوی کامیرا



**هەولێر رۆژ بە رۆژ جوانتر و پێشکەوتووتر دەبێت، یەکێک لەو کارە جوانانەی کە تازە دروست دەکرێ، بەرزە پردی بەردەم کۆلیژی ئەندازیارییە کە بە سیستەمێکی مۆدێرن و سەردەمانە دروستکراوە، بۆیە دەستخۆشی لەلایەنی پەیوەندیدار دەکەین و هیواداری لە چەند شوێنێکی تری پایتەخت بەم شێوازە چەند پردێکی دروست بکرێ.**

**وێنە: فازڵ فەرامۆش**

لێرەوە دەڵێم



**ئازاد هەینی**

# بنکەی مەقام

یەکێک لەو بوارانەی کە کورد هەمیشە شانازی پێوە دەکات بواری مەقامە، بە ئەرک و ماندووبوونی چەند دڵسۆزێک، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەم دواییە توانرا لە وەزارەتی رۆشنبیری بنکەی مەقام بکرێتەوە، هەر لە سەرەتای کردنەوەی، بە بودجەیەکی یەکجار کەم پیاو شەرم دەکات بڕەکەی ئاشکرا بکات، توانیان وەک وەجبەی یەکەم زیاتر لە (١٠٠) سەعات لەسەر شریتی بەکرەی کۆن لاوک و حەیران و مەقاماتی کۆنی کوردی کۆبکەنەوە و دەنگە رەسەنەکانی وەک( کاوێس ئاغا، عەزیز ئاغای قەوان، حەمەد ئاغای مەندۆ، ئەلماس خان، دایکی جەمال، مریم خان، فەوزیە محەمەد، مام خدری خرابەدراوی... چەندینی دیکە) ئەرشیف بکەن، هەروەها چەند گوتنێکی (حەسەن سیساوە)ش بدۆزنەوە کە کاتی خۆی بە زمانی تورکی چڕیویەتی و چەندین ساڵە حکومەت بیری لێ نەکردۆتەوە، ئەم بنکەیە بەم ئیمکانیەتە دیاریکراوەش توانیان ئەم کارە بکەن، کە هەر هەموو قەوان و بەکرەکانیش لەم و لەو لەگەڵ هەندێ ماڵی دڵسۆزی ئەم شارە کە پیشەی هەمیشەیان خەمخۆری کەلتووری خۆیانن و ئەرشیفی دەکەن و بە پارەیەکی دیاریکراو بفرۆشنە ئەم بنکەیە، هەموو ئەرشیفەکەش لە مەترسی رزگاری بوو، نەوەک رۆژێ لە رۆژان بفەوتێ، هەقە ئەم بنکەیە بواری بۆ برەخسێن و ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی ئێستا هەیە بۆی دابینبکەن تا بە شێوازێکی زانستیانە ئەرشیف بکرێ، وەزارەتیش زۆر بە جدیتر لە هەوڵی ئەوەدابێ ئەم بنکەیە بکاتە (بەڕێوەبەرایەتی)ێکی سەربەخۆ، بە هەماهەنگی ئەوان چەند لێژنەیەک لە هونەرمەندان و پسپۆرانی ئەم بوارە و گەنجانی ئارەزوومەند پێک بهێنرێت تا زووە رووپێکی مەیدانی بکەن بۆ کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنیان، وەلێ ئەوەی من دەیڵێم، تەنها بە دڵسۆزی و دابینکردنی سەرچاوەی گونجاوی دارایی دەکرێ، حەزیش دەکەین، ئەم بابەتە بە قەد گرنگی خۆی بایەخی پێبدرێ و بخرێتە کارنامەی ویژدانی دڵسۆزانمان و لە ئاستە جیاجیاکانی بەرپرسیاریەتیان لەو دامودەزگایانەی دەسەڵاتی کوردی کە هەمیشە خۆیان بە خەمخۆری کەلەپوور و ئەو سامانە نەتەوەییان دەزانن.



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦١ / ٢/٦/٠٨ / 2:09 AM

نیسێ

# من و ئەز و ئەمن



فەرزین کەریم
تەنزاندوویەتی

**جارێ:** ئەم کاراکتەرەی گەرەکمانە، چونکە چاوی بەرایی نایەت لەسەر شانۆلۆکە، کەسی دیکەی لە پاڵ بێت، بۆیەشە، شانۆکەی ئێمە لە شێوەی مۆنۆدراما یانکو تاک ئەکتەری پێشکەشتان دەکرێت، بۆ ئاگاداریشتان، دیالۆگەکەش تەواوی بە ئاڕاستەی جەماوەرەکە و، لە پێشدەمی شانۆیەکەیە.

(پەردە رەشەکە بە سیکەسیک بە دەستی دوو کەسی زەرد و سەوزپۆش، لەملاو ئەولای سەکۆ دەکرێتەوە، بە ئەنقەست بێت یا نەبێت چونکە پەردە بە زەحمەت کراوەتەوە، بۆ ئەوەی کە دانەخرێتەوە، هەر یەک لە دوو کەسەکە لە لای خۆی پەردەکەی بە توندی گرتووە، بۆیەشە بەشێکن لە دیکۆرە رووتەکە!!)

کاراکتەرەکەمان، بە جلوبەرگێکی رەنگاوڕەنگی پەلکەزێڕینە ئاسا، بە جووڵەیەکی هەماهەنگ لەگەڵ ریتمی مۆسیقای مۆزارت یا باخ یا بتهوڤن یانکو قاڵە مەڕە (چوزانم! هەرچی بە دڵی دەرهێنەربێت، نەک بە دڵی خەڵکەکە!) بە چەپڵەی ریکۆردەرەکە! دێتە سەر شانۆ، هەر کە گەیشتە سەرشانۆ بێ دەرفەتدان بە کەس و، بێ یەک و دوو دەست دەکات بە منجەمنج و گنەگن (بۆ دروستکردنی ئەم تۆنە دەنگییەی ئەکتەر، ئاوی تورکی و ئێرانی و سوری ماوەبەسەرچووی دەرخوارد دراوە!):

بەندە کە ئەزم و منم و ئەمنم، نیشتەجێی دهۆک و هەولێر و سلێمانیم، لە هەرێمی کوردستانێ دە قوڕێ چەقیوم، ئەم چەقینەش، کەر چەقینێکە، بەم زوو زووانە بەکەس ناهێتە دەرێ!

**(چاو لەمبەر و ئەوبەر دەکات و بە دزی جگەرەیەک دەردێنێت و دایدەگیرسێنێت)**

دەزانم دەڵێن جگەرەکێشان هۆپ! بەڵام من خۆم جگەرەکێشانم یاساغ و قەدەغەکردووە، خۆشم لە شوێنە گشتییەکانی وەکو ئێرە بە دزی یا بە ئاشکرا دەیکێشم! دەزانن بۆ؟ چونکە (من) بازاڕی جگەرەم قۆرخ کردووە، جگەرەی ماوەبەسەرچوو لەو دیوی سنوور ئاودیوی ئێرە دەکەم، جگەرەکەش ژەهری کوڕی ژەهرە، بەڵام ئەمەی بەدەستمەوەیە، تەنیا جارێک ژەهرە!، ئەمەیان بە جیا و بە تایبەت بۆیان هێناوم چونکە من منم!..

**(جگەرەکە دەکوژێنێتەوە)**

با لە دەقەکە دەرنەچین! من دەمەوێت خۆم بە چەند دێڕێک و بە نیوەچڵی بناسێنم، هەر کەسێک منی ناسی لەسەر ئەو پارچە کاغەزەی لەبەردەستی دایە بینووسێت، بە تیروپشک خەڵاتی دەدەینێ!

**(قاقایەکی لە خۆڕایی و هەر بە هەوەس)**

ئینجا کەینێ ئاسانکاری! ئەزی تاکی وێژەر، شەو و رۆژ بە پشووەکانیشەوە لە هەموو شوێنێکم، هەندێک نموونەتان بۆ دێنمەوە، هەموو کاتێک مۆبایل بە دەست، لە هەندێک لە بەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان ئامادە بۆ هێرش، بە پێخواسی وەناو دەکەوم، بێ ئەوەی پسپۆریم هەبێت، بەرپەرچی هەموو بابەتێک دەدەمەوە، هونەر و هونەرمەند یان دێنمە سەر سفر یانکو دەیانبەمە تەشقەلانی ئاسمانان، بابەتەکە رامیاری بێت، سێرە لە هەموو هاوکێشەیەکی سیاسی دەگرم، ئابووری بێت وەکو بیزەنسمانێکی ئاکادیمی بازاڕ لە بێژینگ دەدەم!..

**(هەناسەیەکی قووڵ - فیگورێکی جەنتلمانانە)**

لە دائیرە باوەڕیم بە مەرکەزیەتە، ئەمن خۆم هێندە بە خەمخۆری کارەکان دەزانم، وەکو ئەوە وایە کە ئیشی نەک دائیرە بەڵکو حکومەتیش بێ من بەڕێوەناچێت، بەڵام لە راستیدا نەخۆشییە چی لێبکەم؟! لە ناخدا هۆکارەکەی بۆ ئەنانیەتی (من) دەگەڕێتەوە.

**(بەدەست شێوەی لێخوڕین دەنوێنێت)**

لە ناو پاس و تەکسی و ئۆتومبێل باسی وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەری و یاسادۆستی و دیموکراسی و دژە دەسەڵاتی خۆم دەکەم، بەڵام تەقەی سەرم دێت و زۆر بە ئاسانی بە دەنگە بەرزەکەم ئاسایشی دەنگیی خەڵکەکە تێک دەدەم و زبڵیش فڕێ دەدەمە دەرێ.

**(وەکو لە مەزاد خانەبێت، جووڵە دەکات)**

لە بازاڕدا، ئەزی خاوەن پارە، لەوانەیە بە جارێک بازاڕەکە ئابلووقە بدەم و نەهێڵم ئەشتەبای خوای بڕواتە ناوی، دواتریش بە جارێک ئاوەڵەی بکەمەوە، کە ببێتە نموونەی بازاڕی ئازادی بێ سەروبەر، بە واتایەکی دیکە (ئەگەر دیتیانم ئەزم ئەگەر نەیاندیم دزم!) ئەمنی سەرمایەدار، بۆ تەرخانکردنی پارە بۆ پڕۆژەی نەتەوەیی و خزمەتگوزاریی، وەکو کردنەوەی کتێبخانە و نەخۆشخانە و قوتابخانە و کاری هونەری و مرۆڤی، خاوەن ماڵ نیم، بەڵام لە بەڵێندەرایەتی و سەرمایەگوزاری و خواردن و خواردنەوەدا خاوەنی خاوەن ماڵم!

**(لەسەر زەوی پاڵدەداتەوە)**

(من) بێ ئەوەی هەوڵبدەم، پاڵدەدەمەوە و دەڵێم دەبێ بەخێو بکرێم، (ئەز) هەندێک جار وەکو جووتیارێک دەڵێم دەبێت زەویم بۆ بکێڵدرێت و ئاوبدرێت و بدورێت و لێم بکڕدرێتەوە و پارەکەشم بدرێتێ و لە میریش مووچەم هەبێت.

**(هەڵدەستێتەوە)**

ئەز خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە دەواجنی بەخێوکردنی جووجەڵەم داناوە و ساڵی منداڵێک، ئەگەریش خوا دای بە جووتە زیاد دەکەم، ئەگەر ئەو جووجەڵۆکانەش بە هۆی ناتوانایی لە چاودێری کردنیان تووشی گرفتیش بن، هەڵەکەی خۆم دەخەمە ئەستۆی تەلەڤزیۆن و فیلم و بە جیهانیبوون و منداڵی جیران و پەروەردەی میری.

**(وا رادەوەستێت وەکو ئەوەی کە لە پشت مینبەرەوە بێت)**

من لە لای خۆم بە چوار دەست و پێیان گەندەڵی دەکەم و دەخولقێنم و دەڕوێنم، بەڵام گوناهی بوونی گەندەڵییەکە دەخەمە ئەستۆی نەبوونی سیستەم، لای ئەمن، ئەمە یاسای بوون و نەبوونە!.

من کە لە دەسەڵاتدام وا پیشاندەدەم کەس لە ئەمن کاراتر نییەو وڵات بێ من ئاو دەیبات، وەعد و وەعیدی هەموو شتێک دەدەم، کەنەشمتوانی بیهێنمەدی، نەهاتنەدیەکەی دەخەمە ئەستۆی دەستی دەرەکی یان کۆمەڵگا بەستەزمانەکەم، یان شتێکی سانایی تر، نەبوونی کلتوری دیموکراسی!!

باسی دیموکراسی دەکەم، بەڵام لە سنووری ماڵ و گوند و شار و هەرێمەکەم جێبەجێی ناکەم... پێدەچێت قورگم کێشی نەمابێت، بۆیەشە، بەسندە بە ئەوەی گوترا دەکەین کە (مشتێکە لە خەروار).

**(لەگەڵ پژمەپژم، خۆی قیت و قۆز دەکات)**

من، ئەزم و ئەمنم.. لە هەموو شوێنێکم .. ئێستاش بڵێن کێم!

(پەردەکە هەر بە سیکەسیک و بە خێرایی لە لایەن دوو کەسە چاودێرەکەوە بە زۆر دادەخرێت، چونکە بە دەرزەن لینگەپێڵاو کەلوپەل و کەرەستەی جۆراوجۆر بەرە و روویان دێت).

تێبینی: بە مەبەستی راهێنان لەسەر قۆپیەکردن، وەڵامی شا مەتەڵەکە لە خوارەوە، بە پێچەوانەوە نووسراوەتەوە، ئەگەر تاقەتتان هەبوو!

وەڵام: هەموومانین



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦٢ / ٢/٦/٠٨ / 2:09 AM

## هەق و ڕەق

# کە یاسا سەروەرو براگەورە بێت، هاووڵاتییان ئاسوودەو وڵاتیش خۆش و ئاوەدان دەبێت



عەزیز هەریری

ئەمڕۆ هەر وڵاتێکی ئەم سەرزەمینە بگریت، بۆ جێبەجێکردنی کارو ئەرکی ڕۆژانەی داوودەزگاو هاووڵاتییانی خۆی، چەندین یاساو ڕێساو ڕێنمایی جۆراوجۆریان لەبەر دەستدان و کاریان پێ دەکەن، هەرلەئەنجامی پیادەکردنی ئەو یاسایانەیشە ئەرکی هاووڵاتییان دەستنیشان دەکرێت و مافەکانیشیان دەپارێزرێن، وەکو هەقیقەتێکیش وڵاتی عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی دنیا، کە لەدوای سالانی (١٩٢٠) ەوە دامەزراوەو تا بەئەمڕۆ دەگات لەتەواوی داوودەزگاکانیدا بۆ زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانە یاساو سیستێمی کارکردنی تایبەت هەبووە هەیە، کە ڕەنگە هەندێجار ئەو یاساو سیستێمی کارکردنانە بەباشی و، زۆرجاریش بەخراپی پێڕەو و پیادە کرابێت.

دیارە بۆ پیادەکردنی هەر یاسایەکیش، پێویست بەوەدەکات ناوەرۆکەکەی بەڕێنمایی و ڕێسای تایبەت لێک بدرێتەوەو، وردەکارییەکانی دەبێ بەشێوەیەکی بەرفراوان و پراکتیکی بۆ ئەو کەسانە شیبکرێتەوە، کە ئەرکی جێبەجێکردنەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ، تاوەکو لەکاتی پیادەکردنیدا نەکەونە هەڵەو لێکدانەوەی مەزاجییانەو، لەئاکامیشدا هاووڵاتییان لەماف و ئەرکەکانیان بێبەش نەکرێن و بێئاگا نەمێننەوە.

شیاوی گوتنە، لە وڵاتی عێراقدا کەسیستێمی فەرمانڕەوایی تیایدا بەچەند قۆناخێکدا تێپەڕیووە، هەر لەسەرەتاوە پاشایەتی، کە نزیکەی چل ساڵ درێژەی کێشاوەو دوای ئەوە کۆماری و، ئینجا دەسەڵاتی تاکە حزب و دیکتاتۆرییەتی حزبی بەعس، کە حوکمرانییەکەی ئەوانیش بەدوو قۆناخ لەدوای چەند ساڵێکی کەمی حوکمرانیی شۆڕشی چواردەی تەممووزەوە دەست پێدەکات و، پاش ئەویش ئەم چەند ساڵەی دوای رووخانی رژێمی بەعس، کە بەقۆناخی پڕۆسەی ئازادی و سەردەمی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دەناسرێت، وەکو لەپێشیشەوە گوتوومە، لەهەموو ئەم سەردەمانە لەداوودەزگاکانی میری (حکومەت) لەم وڵاتەدا یاسا بوونی هەبووە هەیە، بەڵام ئەوەی زێترجێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکانی کارکردن وەکو پێویست نەبووە : بەڵکو زۆرتر بەلای بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانەوە شکێنراوەتەوە، بێشک لەئاکامی ئەوەیشدا چینە هەژارو چەوساوەکانی کۆمەڵگەی عێراق بەکوردو عەرەب و نەتەوەکانی دیکەیشەوە زەرەرمەندی یەکەم بوونە، هەر لەوان ڕۆژانیشەوە تا بەئەمڕۆیش دەگات، ئەو یاسا بەستەزمانەی هەمووان دەخوازین بەشێوەیەکی عادیلانە پیادەبکرێت و، گەرەکمانە برا گەورەی هەموانیش بێت، کەم ڕۆژ و کەم سەعات و چرکەیەک هەیە لێرەو لەوێ لەسەر دەستی ئەم و ئەوی دەسەڵاتدارو فلان و فیساری دەست ڕۆیشتوو پێشێل نەکرێت، ئیتر ئەو پێشێلکاریانە هەر ڕۆژەی بەجۆرێک و هەر جارەی بەشێوازێکەوە لەلایەن کەسانی شارەزاو جار جارە ناشارەزایشەوە بەڕێوە دەچێت.

(بەندە) لەماوەی زێتر لە (٣٠) ساڵی کارکردنمەوە لەچەندین داوودەزگای جۆراو جۆری حکومەتدا، ئەوەی زۆرتر هەستم پێیکردووە،مەگەر ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت، ئەگینا هەموو ئەوانەی دیکە، کە بۆ کارێکی ڕۆژانەی خۆیان سەردانیان کردووم، بەرلەهەر شتێک ویستوویانە کارەکانیان بەشێوەیەکی نائاسایی بۆ ئەنجام بدەم، باوەکو ئەنجامدانی ئەو کارەیش یاسایی نەبێت و پێچەوانەی ڕێساو ڕێنماییەکانی کاری وەزیفی بێت، ئەو جۆرە کەسانە تەنیا ئەوەیان بەلاوە گرنگ بووە کارەکەیان بۆ بکرێت و بەس، زۆر جاران لەڕێگەی کەسانێکی نزیک بەخۆیشمەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کارێکی نایاسایی بۆ فلانە کەس بکەم، کاتێکیش کە نەمکردووە پەنایان بۆ ئەوە بردووە بەبڕە پارەیەک تاقیم بکەنەوە، کە ئەوەیش نەبووە ئینجا لێرەو لەوێ کەتوونەتە قسەی ناشیرین و داتاشینی تۆمەتی ئەوتۆ، کە لەقوتووی هیچ عەتارێکدا جێگەی نابێتەوە، سەرباری ئەوەی بەکەسێکی توندو ڕەقەکاریش ناویان بردووم، هەڵبەتە ئەوەیش هەر لەبەر ئەوەبووە، کە کاری یاسایم کردووەو بەپێی خواست و ویستە ناشەرعییەکەی ئەوان ڕەفتارم نەکردووە، چونکە لەوەتەی هەستم بەخۆم کردووە نەچوومەتە ژێر باری کاری نابەجێ و نایاساییەوە، بۆیە بەلای ئەوانەوە بەڕەقەکارناسراوم .

هەموو ئەو بەڕێزانەیش کارم لەگەڵیاندا کردووە خوا شاهیدە تا ئەو شوێنەی بۆم کرابێت نەمهێشتووە شتی نایاساییان بەسەردا ڕەتبێت، بۆ نموونە: دوو ساڵێک بەری ئێستا لەو کاتەی لەوەزیفەدا بووم،سەرۆکی لیژنەی تایبەت بەگۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەران بووم، بەڕێزێک نازانم چۆن چۆنی خۆی گەیاندبووە وەزیرێکی بەڕێزی کورد لەحکومەتی عێراقی فیدراڵ و، داوای لێکردبوو نامەیەکی بۆ وەزیری ڕۆشنبیری بۆ بنووسێت بۆ هاوکاری کردنی، خوا هەڵناگرێ ئەو وەزیرە بەڕێزەیش زۆر بەئەدەبەوە لەنامەکەیدا داوای کردبوو (فلانە کەس کوڕێکی باشەو پێویست بەوەدەکات هاوکاری بکرێت)، دیارە لەکۆتاییدا کارەکە بەوەگەیشت، کە ئەو بەڕێزەی پێویستی بەهاوکارییەکە بوو گەرەکی بوو لەپلەی (کاتب)ەوە بکرێت بە (بەڕێوەبەر)، واتە لەچاو تروکاندنێکدا پێنج پلە بەرزبکرێتەوە : بەڵام پاش ئەوەی بەندە وەکو سەرۆک لیژنە فۆڕمی پلە گۆڕینەکەیم بۆ ئیمزا نەکردو خودی جەنابی وەزیریشم لێی ئاگادار کردەوە، ئیتر ئەو بەڕێزە کە کارەکەی بۆ نەکرا لەزۆر شوێندا پلارو تیرو توانجی نابەجێی خۆی وەشاندبوو، هەر لەبەر ئەوەی، کە من ویستبووم یاسا سەروەر بێت!

کەسێکی دیکە دوای ئەوەی هەموو ئاسانکارییەکی پلە گۆڕینەکەی لەشوێنێکی باڵاوە بۆ کرا: کەچی هەر لەبەر ئەوەی کەسێکی لەو شارەزاو شیاوتر هەبوو بۆ وەرگرتنی پۆستێکی وەزیفی، ئەویش خوا هیدایەتی بدات بەمۆبایلەکەی هەڕەشەی ئەوەی لێدەکردم کە (ئەگەر لەگەرمیانیش بێت ئەو دڕکەم هەر لەبن پێ دەردەهێنێت)، چەند بەڕێزێکی دیکەیش، کە ئەگەر دەست تێوەردانی ئەم و ئەو نەبوایە ڕەنگ بوو بە (١٠ تا ١٢) ساڵی دیکەیش بەو پۆستانە نەگەیشتنایە، کە ئێستا هەیانەو لافی پێوە لێدەدەن، بێگومان ئەم نموونانە مشتێکن لەخەروارێکی یەکجار گەورەو بەرفراوان.

خوێنەری بەڕێز: لە هەموو ئەو بۆچوون و نموونانەی سەرەوەو ڕەنگە دەیان نموونەی دیکەیشم لاهەبن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: دەبێ تاکەی کەسانێک هەبن ئێسک و ڕەزای یاسایان بەلاوە گران بێت، ئەی ئەوە نییە خودی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێک بەری ئەمڕۆ لەبۆنەیەکدا فەرمووی: (لەکوردستاندا نابێت کەس لە یاسا بەرزتربێت)، جا کەواتە بۆ پابەندی گەورەیی یاسا نەبین و خۆمان لەیاسا پێ گەورەتر بێت؟ ئەی ئەوە نییە هەر هەمووان لەقسەو بۆچوونەکانمان داوای بەرقەرابوونی یاساو یەکسانی و دیموکراسییەت دەکەین و وەکو پێویستیش ناچینە ژێر باری جێبەجێ کردنییەوە.

بێگومان لەهەمبەر ئەوانەیشدا خۆ دەبێ هەندێ چاوپۆشی لەهەندێ ڕەفتاری فلان و فیسارە بەرپرس و کارمەندی نێو هەندێ داوودەزگای حکومەتیش نەکەین، بۆ نموونە: کاتێک دەنگگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە، کەئەو زیادەیە مووچەیەی بەفەرمانبەران دراوە لەبری ئەوەی هەمووی بەسەر یەکەوە بۆیان خەرج بکرێت : کەچی باس لەوە دەکرێت لایەنەپەیوەندارەکان بەنیازن لەگەڵ مووچەی هەرمانگێکدا مووچەی مانگێکی رابردوو قەرەبوو بکەنەوە، لەکاتێکدا کە بودجەی عێراق بەگشتی بەکوردستانیشەوە پەسندکرا، حیساب بۆ ئەو زیادەیەیش کراوە کە پێویستە بدرێت، ئیتر نازانم بۆ هەر دەبێ هاووڵاتییانمان نیگەران بکەین؟! یان کاتێک کەسانێک لەسەر حیسابی خزمایەتی و ناسیاوی و نزیکی لەفلانە بەرپرسەوە پۆست و پلەی باڵای وەزیفی پێبدرێت، کەچی بۆ کەسانێکی دیکەی لەوانیش لێهاتووتر نەکرێت، یا ئەوەتا بەماوەی چەند مانێگ لەکاری وەزیفیدا کەسێک لەپڕ بکرێت بەبەڕێوەبەر، یا تا ئێستا بیر لەوە نەکرابێتەوە مشتومالێکی بڕوانامەی فەرمانبەران بکرێت، بۆ ئەوەی بڕوانامەی هەقیقی لەگەڵ هی (مزەوەر) لێک جودا بکرێتەوەو، ڕەفتاری یاساییش لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت، کە پەنایان وەبەر ئەو کارە دزێوو ناشەرعیانە بردووە؟ بێگومان لەئەنجامی هەموو ئەمانەدا، خەڵکانێکی زۆر لەخەڵک و هاووڵاتییانی کوردستان ئێسک و ڕەزای ئەو زاتەبەڕێزە، کە (یاسایە) بەبەرچاوانیانەوە گرانتر دەبێت و، هەرگیز بەلایشیانەوە ئاسان نابێت یاسا بە سەروەرو برا گەورەی خۆیان بزانن!!

aziz.hareri@yahoo.com



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦٣ / ٢/٦/٠٨ / 2:09 AM